**پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

**ژمارەی: ( ٢١١٦/٣/٤ )**

**ڕێکەوت: ٢٠١٧/١٠/٣١**

## وەڵامی پەرلەمانی کوردستان
## بۆ بڕیارەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

پەرلەمانی کوردستان بەپێی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو، بڕیاری ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی پەرلەمانی کوردستان، وەك ئەرکێکی نیشتمانیی و نوێنەرایەتی سەروەری خەڵك و خاکی کوردستانی عێراق بەگوێرەی ڕێسا بەرکارەکانی یاسای نێودەوڵەتی و ئەو پەیماننامەو ڕێککەوتننامانەی کە عێراق تێیاندا ئەندامە، یان راستاندنی بۆ کردوون و پاڵپشت بە ماددەکانی دەستووری هەمیشەیی عێراق بەتایبەتی ماددەکانی (١، ٢، ٤، ٥، ٨، ٩، ٤٧، ١١٠، ١١٥، ١١٧/ یەکەم، ١٢١) دوای ئەوەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق چەند بڕیارێکی نادەستووری و نایاساییان دەرکرد وەك کاردانەوەیەك بۆ پرۆسەی ریفراندۆمی گەلی کوردستانی عێراق، دوای گفتوگۆکردنی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان لەسەر ئەو پێشهات و کاردانەوانە، پەرلەمانی کوردستان بە کۆی دەنگی ئەندامانی ئامادەبوو لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٢)ی ڕۆژی ٢٠١٧/٩/٣٠ دەنگی لەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوەیدا:

**یەکەم:** پەرلەمانی کوردستان دەستخۆشی و پیرۆزبایی سەرکەوتنی ریفراندۆمی سەربەخۆیی لە گەلی کوردستان دەکات، کە لە پرۆسەیەکی دیموکراسی و مەدەنیدا خواستی خۆی بە جیهان نیشاندا بە پشت بەستن بە بنەما و ڕێسا و یاسای نێودەوڵەتی و دەستووری عێراق. هاوکات دەسەڵاتە فەرمییەکانی هەرێمی کوردستان رادەسپێرێت بۆ جێبەجێکردنی ئەنجامەکانی ریفراندۆم کە لە ٢٠١٧/٩/٢٥ ئەنجامدراوە.

**دووەم:** پەرلەمانی کوردستان پەسند و پشتگیری دەقی راگێندراوی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان دەکات کە لە کۆبوونەوەی ژمارە (٣١) لە ڕێکەوتی ٢٠١٧/٩/٢٨ وەك بەشێك لە وەڵامی پەرلەمانی کوردستان بۆ بڕیارەکانی ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقی فیدراڵ ، وە جەخت دەکاتەوە کە دەبێت حکومەت کار بە یاسا و بڕیارە بەرکارەکانی هەرێمی کوردستان بکات.

**سێیەم:** داوا لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و وڵاتانی دراوسێ و ناوچەکە دەکەین کە ڕێز لە بڕیاری گەلی کوردستان بگرن سەبارەت بە پیادەکردنی مافی چارەی خۆنووسین ، پەرلەمانی کوردستان وڵاتانی دراوسێ و ناوچەکە دڵنیا دەکاتەوە کە ریفراندۆمی کوردستانی عێراق بە هیچ شێوەیەك هەڕەشە نییە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی هیچ وڵاتێك، وە هەرێم فاکتەری ئارامی و سەقامگیری ناوچەکە بووە و دەبێت.

**چوارەم:** یاسا و بڕیارەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بەپێی (برگەی دووەم) لە ماددەی (١٢١) لە دەستووری عێراق و بڕیاری ژمارە (١١)ی ساڵی ١٩٩٢ی پەرلەمانی کوردستان بە هیچ شێوەیەك قابیلی جێبەجێکردن نیین لە هەرێمی کوردستان تاکو لەلایەن پەرلەمانی کوردستان بڕیاری جێبەجێکردنیان پێ دەردەچێت.

**پێنجەم:** پەرلەمانی کوردستان بڕیاری ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی فیدراڵ لە کۆبوونەوەی ژمارە (٢٣) ڕۆژی ٢٠١٧/٩/٢٧ کە تایبەت بوو بە کاردانەوە لەسەر ئەنجامدانی ریفراندۆم لەناو هەرێم و ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم رەت دەکاتەوە، وە دووپاتیشی دەکاتەوە کە بڕیارەکە نادەستووریی و نایاساییە بە پشت بەستن بەم خاڵانەی خوارەوە:

١- ئەوەی لە برگەی (١) بریاری ئەنجومەنی نوێنەراندا هاتووە بەتەواوی پێچەوانەی سیستەمی فیدراڵ و بنەمای دیموکراسییە، کە لە ماددەی (١)ی دەستووردا چەسپێندراوە، وە پێچەوانەی ماددەی (٨)ی دەستوورە کە تێیدا هاتووە عێراق ڕێز لە پابەندییە نێودەوڵەتیەکانی دەگرێت، بڕیاری گەلی کوردستان لە ریفراندۆمی ٢٠١٧/٩/٢٥ پاڵپشت بووە بە دەستووری عێراق و میساقی نەتەوە یەکگرتووەکان و هەردوو پەیماننامەی نێودەوڵەتی ساڵی ١٩٦٦ کە عێراق پەسەندی کردوون بە یاسای ژمارە ١٩٣ ی ساڵی ١٩٧٠.

٢- بریاری ئەنجامدانی ریفراندۆم لە کوردستانی عێراق لە ٢٠١٧/٩/٢٥ پاڵپشت بووە بە ڕێسای مافی چارەی خۆنووسین کە ڕێسایەکی بەرفەرمانە (ئامیرەیە) لەسەر ئاستی یاسای نێودەوڵەتی بە شێوەیەك کە هیچ دەوڵەتێك بۆی نییە دژی ئەو ڕێسایە بوەستێتەوە چ جای ئەوەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق مافی چارەی خۆنووسین لەلایەن هاوڵاتیانی کوردستان بە تاوان لە قەڵەم بدات و داوای بەدواداچوونی قەزایی بکاتن بۆ ئەوانەی لە پرۆسەکەدا بەشدار بوون.

٣- سەبارەت بە پابەندکردنی فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان بۆ بڵاوەپێکردنی هێزە فیدراڵیەکان لە ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم پێچەوانەی برگەی (یەکەم)ـە لە ماددەی (٩)ی دەستوور کە ناکرێت هێزە چەکدارەکانی عێراق و هێزەکانی ئاسایشی بەکاربهێندرێن دژی پێکهاتەکانی گەلی عێراق بۆ یەکلای کردنەوەی ناکۆکیە سیاسیەکان، ئەمە جگە لەوەی کە ماددەی (١٤٠) لە دەستووری هەمیشەیی عێراق مافی یەکلاکردنەوەی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی داوە بە دانیشتوانی ئەو ناوچانە لە ڕێگای ڕاپرسییەوە نەك فەرمان کردن بە بەکارهێنانی هێز بۆ دەست بەسەرداگرتنی ئەو ناوچانە، وە فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی هەرێمی کوردستان سەرپشك دەکەین بۆ گرتنەبەری هەر ڕێکارێکی پێویست بۆ پاراستن و پارێزگاری کردن لەو ناوچانە و بەرقەرار بوونی ئارامی تیایاندا.

٤- بڕیارەکانی ئەنجومەنی وزاری ئەنجومەنی ئاسایشی عێراقی فیدراڵ کە لە برگەی (٣)ی بڕیارەکەی ئەنجومەنی نوێنەران ئاماژەی پێدراوە هیچ پابەندییەکیان نییە لەسەر کوردستانی عێراق و لە دەرەوەی دەسەڵاتە تایبەتیەکانی حکومەتی فیدراڵە، لە هەمان کاتیشدا هەرێمی کوردستان بەپێی یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١١ خاوەنی ئەنجومەنی ئاسایشی خۆیەتی.

٥- بڕیاری داخستنی دەروازە سنووریەکان لە دەسەڵاتی حکومەتی فیدراڵ نییە و بەهیچ جۆرێك لە ماددەی (١١٠)ی دەستووردا ئاماژەی پێنەدراوە، وە بەپێی ماددەی (١١٥) لە دەستوور هەر بابەتێك کە لە چوارچێوەی دەسەڵاتە تایبەتیەکانی حکومەتی فیدراڵدا نەهاتبێت، دەسەڵاتی هەرێمەکانە.

٦- سەبارەت بە کێڵگە نەوتیەکان کە دەکەوێتە چوارچێوەی سیاسەتی نەوت و گاز، ئەویش لە ماددەی (١١٠)ی دەستووری عێراقی فیدراڵدا نەهاتووە، بەڵکو لە چوارچێوەی ماددەی (١١٢) چارەسەر کراوە، بۆیە ئەمەش دەسەلاتی تایبەتی حکومەتی فیدراڵی نییە.

٧- سەبارەت بە داخستنی کونسلخانەکان و نوێنەرایەتی و نووسینگە نێودەوڵەتیەکان لە هەرێمی کوردستان ئەو مافە مافێکی دەستووریی و یاسایی بە دەست هاتووە بۆ هەرێمی کوردستان، وە هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەتی کردنەوەی ئەو کونسڵخانەکان و نوێنەرایەتی و نووسینگە نێودەوڵەتیانە بەبێ ئەوەی هەرێمی کوردستان کەم و کوری هەبووبێت لە پێوەر و ڕێنماییەکانی کارکردنی ئەم نوێنەراتی نووسینگانە، بە ناڕەوایی کردن لە بەکارهێنانی دەسەلاتدا هەژمار دەکرێت. سەرەڕای ئەوەی کە ئەم بابەتە دەکەوێتە چوارچێوەی یاسای گشتی نێودەوڵەتی و بەپێی ڕێکەوتننامەی (ڤیێننا) بۆ پەیوەندییە دیبلۆماسی قونسوڵگەرییەکانی ساڵی ١٩٦٣ کاری کونسوڵ و دیپلۆمتکاران ڕێکخراوە.

**شەشەم:** پەرلەمانی کوردستان تێکڕای ئەو بڕیارانەی دەسەلاتەکانی یاسادانان و ڕاپەراندن و دادوەری عیراقی فیدراڵ ڕەت دەکاتەوە کە وەك کاردانەوەیەك بەرامبەر ئەنجامدانی پرۆسەی ریفراندۆم دراون.

لە کۆتاییدا پەرلەمانی کوردستان لە ڕوانگەی باوەڕبوونی بە پرەنسیپی ئاشتەواییی نێوان گەلان و دراوسێیەتی باش جەخت لە ڕێگەچارەسەری ئاشتییانە بۆ سەرجەم کێشەکان دەکاتەوە و لەو پێناوەشدا لایەنە پەیوەندیدارەکان سەر پشك دەکات بۆ دەستپێکردنی گفتوگۆی بنیاتنەرانە، هاوکات پەرلەمانی کوردستان داوا لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و لە دۆستانی گەلەکەمان دەکات کە بەنیگەرانییەوە لە بڕیارەکانی ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقی فیدراڵ بڕوانن و هەڵوێستیان هەبێ بۆ ڕووبەڕوونەوەیان، چونکە لە ڕوانگەی پەرلەمانی کوردستانەوە ئەو بڕیارانە سزای بەکۆمەڵی خەڵکی کوردستانە دژی گەلی کوردستانە بە هەموو پێکهاتەکانی، وە هەروەها پەرلەمانی کوردستان دەست پێشخەرییەکەی مەرجەعی بالاّ بەڕێز (ئایە الله سیستانی) بۆ دەستپێکردنی گفتوگۆ و چارەسەری ئاشتییانەی کێشەکان بەرز دەنرخێنێت، وە پێشوازی دەکات لە هەر هەوڵێکی نێودەوڵەتی یان کەسی بۆ دەستپێکردنی دانووستان و گفتوگۆ.